هەرکەسێک مردوویەک بشوات؛ وسەبارەتی بێدەنگ بێت، خوای گەورە چل جار لێی خۆشدەبێت

لە ئەبی ڕافیعەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک مردوویەک بشوات؛ وسەبارەتی بێدەنگ بێت، خوای گەورە چل جار لێی خۆشدەبێت».

[صەحیحە] [بەیهەقی گێڕاویەتیەوە - حاکم گێڕاویەتیەوە - طەبەرانی گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە ڕوونکردنەوەی فەزڵی ئەو کەسەی تێدایە کە عەیب وکەموکورتیەکانی مردوو دەشارێتەوە پاش ئەوەی لە کاتی شۆردنی دەیبینێت یان پێی دەزانێت، ئەوەی مردوو دەبینێت لەسەر دوو حاڵەتە: 1- پەیوەست بە حاڵیەوە: بۆ نمونە ئەگەر بینی مردوو دەموچاوی ڕەش هەڵگەڕا وناشیرین بوو ئەمە لەوەیە بەڵگە بێت لەسەر خراپەکاری وخراپی کۆتا ژیانەکانی ئەم کەسە، بۆیە نابێت بە خەڵکی بڵێت ئەو پیاوەم بینی سیفەتەکەی بەم شێوەیە بوو چونکە ئەمە ئاشکراکردنی عەیبە وپیاوەکە مرد وچوو ژیای جێهێشت بەرەو لێپرسینەوە وخوای گەورە لێی دەپرسێتەوە بە پێی کردەوەکانی بە پاداشت یان سزادان. 2- شتێک پەیوەست بێت بە لاشەیەوە: وەکو بینینی عەیبە وکەموکورتیەک لەسەر پشتی یان لاشەی بە شێوەیەکی گشتی؛ کە ئەم کەسە لە خەڵکی دەیشاردەوە لە ژیانیدا، ئەو کەسەی دەیشوات وئەم عەیبانەی مردووەکە دادەپۆشێت؛ پاداشتی زۆر مەزنی بۆ هەیە لەوانەش خوای گەورە چل جار لێی خۆشدەبێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6402